**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان . عێراق**

پشت بەستن بە حوکمی برگە (1) لە ماددەی (56) لە یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەمووارکراوو لەسەر داوای ژمارەی یاسایی پەرلەمانتاران، پەرلەمانی کوردستان – عێراق لە دانیشتنی ژمارە (8)ی ئاسایی ڕۆژی 26/ 2009/10 بڕیاری دەرچوواندنی ئەم یاسایەی دا:

## یاسای ژمارە (11)ی ساڵی 2009

## یاسای هەڵوەشاندنەوە و لێکدانی هەندێ وەزارەت لە هەرێمدا

**ماددەی یەکەم:**

ئەم وەزارەتانەی خوارەوە هەڵدەوەشێنرێنەوە و هەموو کەل وپەل و ماف و ئیلتزامات و کاروباری کارمەندانیان دەدرێتە ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەوەی بەپێی یاسا هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکات.

**یەکەم:** وەزارەتی مافی مرۆڤ.

**دووەم:** وەزارەتی کاروباری ناوچەکان لە دەرەوەی هەرێم.

**سێیەم:** وەزارەتی ژینگە.

**ماددەی دووەم:**

وەزارەتی گواستنەوە و وەزارەتی گەیاندن لە یەك وەزارەت لێکدەدرێن بە ناوی (وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن).

**ماددەی سێیەم:**

وەزارەتی کشتوکاڵ و وەزارەتی دەرامەتە ئاوییەکان لە یەك وەزارەت لێکدەدرێن بە ناوی (وەزارەتی کشتوکاڵ و دەرامەتە ئاوییەکان).

**ماددەی چوارەم:**

وەزارەتی ڕۆشنبیریی و وەزرش و لاوان لە یەك وەزارەت لێکدەدرێن بە ناوی (وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان).

**ماددەی پێنجەم:**

وەزارەتی شارەوانی و وەزارەتی گەشت وگوزار لەیەك وەزارەت لێکدەدرێن بە ناوی (وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار).

**ماددەی شەشەم:**

وەزارەتی بازرگانی و وەزارەتی پیشەسازی لە یەك وەزارەت لێکدەدرێن بە ناوی (وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی).

**ماددەی حەوتەم:**

ڕێکخستن و هەیکەلی وەزارەتە لێکدراوەکان بە یاسا ڕێکدەخرێنەوەو، کار دەکرێ بەو پێڕەو و ڕێنماییانەی کە لە بارەیانەوە دەرچوون تا دەرچوونی ئەوەی جێیان دەگرێتەوە.

**ماددەی هەشتەم:**

کار بەهیچ دەقێکی یاسایی و بڕیارێك ناکرێت گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسا ناکۆك بن.

**ماددەی نۆیەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی دەیەم:**

ئەم یاسایە لەرۆژی دەرچوواندنیەوە جێبەجێ دەکرێ و لەرۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**محمد قادر عبدالله**

**(د. کەمال کەرکووکی)**

**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان . عێراق**

**هۆیەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە**

بەمەبەستی ڕێکخستن و کەمکردنەوەی ژمارەی وەزارەتەکان و لێکدانی هەندێ وەزارەت و ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە کابینەی نوێی حکومەتدا دەکرێت، بۆ زیاتر خزمەتکردنی کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستان ئەم یاسایە دەرچووێنرا.